کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 21:45بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ناسنامەی کوردستانی کەرکووک لە نێوان شۆڕش و گەمەی دەسەڵات دا ... ڕزگار ساڵح



بەگووتەی سەرۆکەکان کەرکووک خاڵی بڕیارِ دەر بووە لەسەرکەووتن یان شکستی ڕێک کەووتنەکان یان گفتووگۆکان لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق دا، هەر یەک لەم سەرۆکانە ناسنامەیەکی داوە بەسازشەکەی، جارێک بە ڕێکەوتنی ئازارو ئەوی دیکەش بە گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، لەهەردوو گریمانەکەدا هێندەی بەرژەوەندی بنەماڵە یاخوود قووتارکردنی حیزب لە قەیرانەکانی زاڵ بووە نیوو هێندە خەسڵەتی مێژووی کوردستانی بوونی ئەم جەستە ستراتیژیە بەرجەستە نەکراوە، کەئەگەر بەتێڕوانینێکی ئابووری نەتەوەییەوە هەژماری بۆ بکرایە بێگوومان هەنووکە کورد خاوەنی قەوارەیەکی نەتەوەیی خۆی دەبوو بە پێی پێودەنگە نێونەتەوەیەکان جا چ لەڕووی ژێر خانەکەیەوە ببینرێت یان پێگە جیۆپۆلیتیکەکەی.

لەجاڕدانی هەر شۆڕشێک دا یان لەشکستی هەر دان و سانێک دا کۆی گشتی کۆمەڵگا گوێ ڕایەڵ بووە بۆ درێژەدان بە بەرگری بێ ئەوەی بیر لە درووشمی بزووتنەوەکە بکاتەوە، ئەم ناهۆشیاریەی تاکەکان لەپرۆسە چارەنووس سازەکان دا زەمینەی بۆ سەرکردەکان ساز کردووە ئاکاری شۆڕش بە خواستەکانی خۆیان جێ گۆڕکێ پێ بکەن، بەڵام ئەو کاتەی زایەڵەی شۆڕش زرنگایەوە لە شۆڕشی نوێخوازیدا، ویستی مرۆڤەکان بەرنامەی بۆ دانرا تا بزانن کێ ڕۆڵیان بۆ دیاری دەکات، ئایا سەرکردە زاڵە یان ئەو هزرو بیرەی مرۆڤە دەربەدەرکان دەگێڕێتەوە بۆ ڕەسەنی خۆیان، مەبەست لەڕەسەن ناسنامە نیە بەڵکو ئاوێزانکردنەوەی پارچەیەکی نیشتمانە کە حیزبەکانی پێشتر مامەڵەیان پێ دەکرد. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا حەماسەتی دروشمی (کەرکووک دڵی کوردستانە یان قوودسی کوردسستان) لە ئێستای خیتابی سیاسی سەرکردایەتی کوردا لەکوێدا جێگە دەگرێت؟ یاخوود تەنها ئەو ساتانە کەرکووک دەهێنرێتەوە مەیدان کە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا ناگەنە ئەنجام لەسەر مەسەلەی بودجە یان هەر بوارێکی تری پەیوەندیدار بە قازانج و بەرژەوندیەکانی خۆیانەوە، سەوداومامەڵەپێکردنی کەرکووک لەقەیرانی پێکهاتەکانی ئێستای عێراقدا بۆتە چەکێکی ستاندار لای لایەنە نەیارەکانی دۆزی کورد هەرکاتێک بخوازن داواکاریەکانیان بەبێ مەرج بەسەر (ی.ن.ک و پ.د.ک) دا دەسەپێنن. بێ گومان پاشانیش ئەم چەمکانە نەک هەر بیر کران بەڵکو لەلایەن هەردوو گرووپی بەرژەوندخواز بۆتە سەوداو مامەڵە بۆ پاراستنی پۆستی سەرۆکایەتی کاتی هەرێم و سەرۆکی کۆماری عێراق، ئەوەی زێدەتر گەمەکە گەرم تر ئەکات ئەو سیاسەتە نارۆشنە دووفاقانەی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکایە بەرامبەر کێشەی لەمێژینەی نەتەوەی کورد، جارێک دۆزی کورد بە کێشەی ناوخۆیی عێراق و جارێکی دیش وەک کوردی سونە مەزهەبی زۆڵم لێکراو لەلایەن زۆرینەی سونە مەزهەبی عەرەبەوە بەرجەستە دەکەن. بەخشینی سەرەک کۆمار بە کورد ڕاگرتنی بەڵانسی کوردە لەگەڵ شیعەداو هەمان کاتیشدا تورەکردنی سونەی عەرەبە بەرامبەر کورد، ئەم گێژاوەی ئەمەریکیەکان خوڵقاندویانە ستراتیژیەتی (ی.ن.ک و پ.د.ک) بزر دەکەن لەهەمبەر هەنگاوەکانی گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ باوەشی نیشتمان، هەر بۆیە دوو حیزبەکەی گۆڕەپانی کوردستان بەرادەیەک بێ بڕیارن هەریەکەیان لە ئاشی بەرژوەندی خۆیانەوە لێدوان لەمەڕ کەرکووک دەدەن، بەپێیی ئەم فاکتەرانە:

_سەرکردایەتی کورد لەبواری دیبلۆماسی دا وەک بەشدارلە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق بەوەزیرو ئەندام پەرلەمانیەکانەوە، سەرۆک کۆماریشی لەگەڵ دابێت نەیتوانیەوە فشار بخاتە سەر جێبەجێکردنی مادەی 140.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

_ سەرۆکی هەرێمی کوردستان تەنها لەچوارچێوەی ووتاری حەماسیدا کەرکووکی بیر دەکەوێتەوە ئەمەش لەوکاتانەدا کە دەهێنرێتە سەر شاشەی ڕاگەیاندنەکان بە تایبەتی میدیاکانی عەرەبی، دەنا وەک پراکتیک بێجگە لە خولانەوەی لە دروشمی سواوی (کەرکووک دڵی کوردستانە) توانای هیچ هەنگاوێکی بوێرانەی نیە.

_ لەکاتێک دا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆک نیە لەسەر دارشتنی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان، چۆن دەتوانێت مادەی 140 لە دەستووری دەوڵەتی عێراق دا بچەسپێنێت، ئەو عێراقەی بۆن و بەرامەی کلتوری بەعس بۆتە زەنگاوێک و پێکهاتەکانی بۆگەنیان کردووە تیایدا و بناغەکەشی هێندە لاوازە کە ڕەشەبایەکەی بێهێز لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵی دەتەکێنێت.

_ خۆ ئەگەر سەیری پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی سەرکردایەتی کورد بکەین لەگەڵ تورکیا و ئێران بۆ ڕازی کردنیان تا تەداخول نەکەن لە دۆزی کەرکووک دا، ئەوا با باش بزانن هەتا ئێستاش نەک ئیعتراف بەبوونی کیانێکی کوردی ناکەن بەڵکو وەک دوو حیزبەکەی جارانی سەردەمی شاخ دەڕواننە (ی. ن. ک و پ. د. ک) و هیچ کاتێکیش مام جەلال و کاک مەسعود وەک سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم قبووڵ ناکەن.

هۆڵەندا
5-10-2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.